# داستانی کوڕە و کچە

**ئەگەر دەتەوێ ئەم چیرۆکە بە کوردی لاتینی بخوێنیتەوە کلیکی ئێرە بکە**

داستانی (کوڕە و کچە)

نووسینی: سیروان کاروانی

نووسینەوەی بە پیتی لاتینی: مەهاباد کوردی

وێنەی ڕووی بەرگ: ١- ئەشکەوتی قزقەپان. ٢- زێی گچکە

چاپی یەکەم، سوێد ٢٠٠١

ISBN 91-971618-5-3

Printed in Sweden:
RABUN، Box 25161، 75025 Uppsala – Sweden

# داستانی کوڕه و کچه

نووسینی: سیروان کاروانی

نووسینەوەی بە پیتی لاتینی:

مەهاباد کوردی

سوید: ٢٠٠١

پێشکەشە بە:

دێیەکەم، ئەو دێیەی کە تیایدا چاوم بە دونیای پڕ لە حەسرەت و مەینەتی هەڵهێنا و کاتێک مندالْ بووم خاک و خۆڵی تلۆڤەی ئەستێرەوردی سەر لێوانم بوو و ئێستا کە گەورەم، تۆزی لە قورِگی ئاگرهەڵقرچاوی و بالای لەگەلْ خاک تەختبووی، هەنگوینی شانەی ژیانی دەربەدەریمە.

# پێشگوتن

ئەمە دیرۆکی ژانی ئازادبوونی دوو نەمامی باخچەی دوو دڵی، دوو ئەوینداری دڵڕەنجوورە، دوو تاسەی نوقمی خوێن و ئاو، دوو باخچەی پەژموردەی لە تەپوتۆز و چیلکەدار و تەیمانی بابردەڵەی سەردەمی دواکەوتندا خنکاو. ئەمە گریانێکە، گریانی بەستەڵۆکی بەقەدەر زەمینی ناو کونەشاخێکی لە ترس و تۆقی خنکاندنی حەز و، ڕەواندنەوەی خەرویی بەهاری ناو پاوەنی، بیری دوو مرۆڤی شەیدای ئەوین و خۆشەویستییە. خۆ نە گریان و نوزە، نە حەسرەتی خوێناوی، نە ئاخی درێژی نێوان دوو کێوی ئاشقی وەک ناخی کوڕە و کچە (کوڕە و دوێتە) لە هەستی بنیادەمی ڕەق، ڕەقتر نییە. بنیادەمی هزروشک، چیی لە زەوییەکی قاقڕ و بێ پیت کەمتر نییە. چی هەیە ڕووکەشتر بێت لە سیمای خۆشەویستی کوڕە، کە بەبەر دیدە خومارەڕەشەکانی کچەدا دەکەوتە سەماکردن و لای وابوو هەموو جیهان زەماوەندی جوانیی ئەو دەگێڕن؟ تەنها ئاواتێک کە سۆزی دڵ و هەناوی لێی نەبێت بە وەرەم و خەفەی بکات. کام پەیامە جگە لە سۆزی کچە، دڵی کوڕە شاد دەکات و هیوابەخشی ژیانی زەبوونیی دەبێت؟ تەنها تەمەن نەبێت بە کڵپەی ئاگرێک و داری ژینی لێ بکات بە سووتوو و ببێتە خۆراکی ڕەشەبای قەدەر.

ئەوەتا لە جیهانێکی بەرین دا، هەزاران خۆزگە و ئاواتی بنیادەم، سەرچڵێکی داری مرادیان لێ شین نابێ، ئەوەتا دڕندەیەک بە هەزاران سیڤیل لەبن نایێ. بابێ کچەیە ڕێگا نادات، کچەکەی بە مردوویش لە تەنیشت خۆشەویستەکەی (کوڕە) بنێژرێت.

بەڵێ، کوڕە و کچە، ئەو جووتە خۆشەویستە دڵگەرمە بوون، کە بە درێژایی ئەو ماوە دوورودرێژەی ئەسپەکوێتی دڵدارییان تاو دەدا، لە سەرکەوتن بەرەو کێوی مەزنی بڕوایان و دوایینەهەێنان بە ڕێبازی خۆشەویستییان، نە سڵەمینەوە و نە لە هیچ توندوتیژییەک نووچیان دا.

شەیدایانی ئەم بەسەرهاتە دێرینە! گوێدێرانی داستانی ئەم دوو ئەوینە شێلگیرەی خۆشەویستییە! هەموو ئەوانەی ڕۆژێک لە تەمەنیان بۆ گەیشتن بە بۆنی خونچە، بۆ هیوای ڕازیبوونی باغەوانەکان، دڵەکسپێ و لەرزەلەرزی ئەندامەکانی لەشیان چێشتووە! ئەگەرچی ئەو زانیاریانەی سەرەتای ئەم باسەیان پێوە بەندە، زۆر نین و گێڕانەوەشیان لە شێوەی جیاواز خۆدەنوێنن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە تا ئێستا هیچی لەبارەوە نەنووسراوە، بەڵکو ئەوەشی کە هەیە هەر لە زاری خەڵکییەوە بیستراوە و ماوەتەوە. واتە ئەو سەرچاوانەی کە تەواوی باسەکە ڕوون دەکەنەوە، لەگەڵ گیانی پاکی بەساڵاچووەکاندا بوونەتە میراتی ژێر خاک، بۆ نموونە: ((ئاشکرایە کە کوڕە (ئایدن)، کوڕەهەژارێکی کوردە و خەڵکی شارۆچکەی (پردێ)یە، بەڵام دیار نییە کە ناوی باوکی چی بووە))، ((ئاشکرایە کە کچە (مونیرە)، کچەئەفسەری تورک (هارون)ە و جێنشینی هەمان شارۆچکەیە، بەڵام دیار نییە کە لە چ تەمەنێکی ژیاندا لەو شارۆچکەیە پەرەی بە ژیان داوە)). لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بە پشتبەستن بەو سەرچاوەیەی کە کۆتاییەکەی ڕوونە، لەهەمان کاتیشدا سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی تر (لەو خاڵانەدا کە یەکتر دەگرنەوە) و لە ناوەڕۆکدا کۆکن، تا ئەو جێگایەی لواوە، ڕاستییەکەی بۆ ئێوەی بەڕێز هاتۆتەسەر کاغەز. هەمووش ئەوەمان بۆ دەسەلێنن کە سەربردەی ئەم دوو مرۆڤە گیانبازەی ئەشقە، ڕاستییە و دوور لە ئەفسانەیە، دوو خەباتکەری بەجۆشی ڕێگای موحیببەت و مرۆڤایەتین. وەکوو باس کرا کچە (دوێتە)، بە ڕەچەڵەک تورک و نیشتەجێی شارۆچکەی (پردێ) بووە. کوڕە، ڕۆڵەی کوردێکی هەژار و نەداری دانیشتووی هەمان شارۆچکە بووە، کە دەکەوێتە دەم زێی گچکە، لە نێوان ڕێی گشتی (کەرکووک- هەولێر)ی خوارووی کوردستان.

* هەر لێرەشدا دەمەوێ بڵێم کە زۆر سوپاسی بەڕێز مەهاباد کوردی دەکەم، کە دووجار ئەرکی نووسینەوەی ئەم پەڕتووکەی بە پیتی لاتینی گرتە ئەستۆ.

* هەروەها کاک نافع عەلی کە هەوڵێکی زۆری دا، تا بەشێک لە زانیاری و وێنەکانی لە کوردستانەوە وەدەست خست.

ئیتر دواخواستم ئەوەیە لاپەڕەکانی ئەم پەڕتووکە، گەر دنکەترێیەکیش بن لە ڕەزی فۆلکلۆری کوردەواری، دەمی ئێوەی پێ شیرین بێ.

**سیروان کاروانی، ٢٠٠٠/٧/٧**

# تافی کوڕه و کچه

ئەو سەردەمەی کوڕه و کچەی تێدا ژیاون و بەسەرهاتەکەیان تیایدا ڕووی داوە، بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە کە لە سەدەی شانزەهەمەوە دەست پێ دەکات. ئەوەی تایبەتە بە دیرۆکی کوڕە و کچە لە حەفتاکانی سەدەی هەژدەهەم دایە. لەو دەمەدا، سەرەڕای گیانەڵڵای، هێشتا ئەو ئیمپراتۆریەتە پەلی داگیرکردنی ناوچەکانی دەوروبەر و درێژکردنەوەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی دەهاویشت.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەدەی شانزەهەم کە خۆیان دەخزێننە ناو باسەکەوە، بۆیە پێویستە هەندێک لە بارەیان بدوێین. سەدەی شانزەهەم، ئەو سەدە دژوارەیە کە بۆ گەلی کورد نەهامەتییەکی یەگجار گەورەی تێدابوو و خاکی کوردان لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئێرانی بەزەقی دابەش کرا. پاش شەڕە بەناوبانگەکەی چاڵدێرانی ١٥١٤، بەشێکی زۆر لە خاکی کوردان کەوتە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەشێکی کەمیشی بەبەر ئێرانی سەفەوی بڕا. شەڕی چاڵدێرانی ١٥١٤ ئەو شەڕە بوو کە سوڵتان سەلیمی یەکەم (یاوز) بەسەر سوپاکەی شائیسماعیلی سەفەویدا سەرکەوت. لە ئەنجامی شەڕەکەدا ڕۆژئاوا و خوارو و ناوەڕاستی کوردستان کەوتنە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و تەنیا ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئێران مانەوە(١). ئیتر لەو ڕۆژەوە، کاتی فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیمی یەکەمی تورک و شائیسماعیلی یەکەم، شەڕ و هەرا لەسەر دەستبەسەراگرتنی ئەو ناوچانە دەستی پێ کرد و تا سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشا (ناوچەکانی کوردستان ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ کراوە- نووسەر). پاشان ئەو سەدەیە بوو بە سەدەی ڕۆژئاوابوونی تەواو لە ژیانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی(٢). هەروەکوو دوکتۆر (جەلیلی جەلیل) دەڵێ: ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی گەیاندە کۆتایی ژیانی و دواییش پاڵی پێوەنا خۆی بخاتە کۆشی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانەوە و سەرومڕ پشت بە

يارمەتیدانی سوپایی و سیاسی ئەوان ببەستێت. هەروەها کە دێتەوە سەر باسی ئەو ئیمپراتۆریەتە (عوسمانی) لە کوردستان، دەڵێ: دانیشتووە کوردەکان لەو شوێنانە گرد بووبوونەوە کە کەوتبوونە خواروو و خوارووی ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، وەک ئەیالەتی شارەزوور، هەکاری، مووسڵ و دیاربەکر. شارەزوور هەرێم و ناوچەیەکی زۆری گرتبۆوە و بریتی بوو لە بەشێکی هەرەزۆری هەرێمەکانی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق. لە باکوورەوە ئەگەیشتە ولایەتی مووسڵ و هەکاری و لە خوارووشەوە خۆی ئەدا لە ولایەتی بەغدا و لە ڕۆژئاواشەوە ئەگەیشتە ڕووباری دیجلە و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە ئەکشایە ناو ناوچەکانی ئێرانەوە. سنجاقەکانی کەرکووک و ئەربیل و کۆیسنجاق و سولەیمانی و ڕەواندوز و حەریر لە چوارچێوەی سنووری ئەیالەتی شارەزووردا بوون. ئەیالەتی شارەزوور لە ژێر سایەی پاشای بەغدادا بوو. پایتەختەکەشی شاری کەرکووک بوو(٣).

لەودەمەدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ناوچەکە فەرمانڕەوایی کردووە و تێکەڵوپێکەڵییەکی زۆری لەگەڵ خەڵکەکە بووە. لە زۆر مەڵبەندەکانی کوردەواری ژیاون و باج و سەرانەیان لە خەڵک وەرگرتووە. لەو ڕێیەوە ئەوەندەی بۆیان کراوە ناوی مرۆ، دێهات، شارۆچکە، مزگەوت، خوێندنگا، چیاو تەپۆڵکەکان، زۆر لە ئامرازەکانی کارکردن و تەنانەت کانی و ئاوەکانیشیان گۆڕیوە و ناوی تورکییان پێوە ناوە. ئەو ئەشکەوتەش (قزقەپان) کە (کوڕە و کچە) تا دواڕۆژی ژیانیان تێیدا مانەوە و باسەکەمان دەچێتەوە سەری، هەر وشەیەکی تورکییە و لەوکاتەوە بە میرات ماوەتەوە.

# نیشتگەی کوڕە و کچە

وەکوو باس کرا ئەم جووتە کۆترەی ئاسمانی عەشق و ئەڤینە (کوڕە و دوێتە) خەڵکی شارۆچکەی (پردێ)ن لە دەم زێ. ئەو زێیەی کە کوردەکان پێی دەڵێن زێی گچکە و عەرەبەکان پێی دەڵێن (الزاب الصّغیر).

پردێ لە کورد و تورکمان و چەند ماڵە عەرەبێک پێک هاتووە. پاش کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی بەشێکی کەم عەرەبی تری خوارووی عێراقی تێدا نیشتەجێ کران کە بە شێوەیەکی گشتی کارمەندانی دامودەزگاکانی دەوڵەتی بوون. دەوڵەت دایمەزراندن و ئەرکی بەڕێوەبردنی شارەکەی پێ سپاردن.

شارۆچکەی پردێ لە سێ گەڕەکی سەرەکی پێکهاتووە کە زێی گچکە لێکیان جودا دەکاتەوە. بۆ پەیوەندیکردنی ئەو بەشانە دوو پردی بەرز و پتەو لە نێوانیاندا دروست کراوە و پێکیان دەبەستێتەوە کە لە کۆندا بە (پردی زێڕ) ناوبراوە و بە پێی سەرچاوەکان ناوی شارەکەش هەر لەو (پرد)انەوە هاتووە. لە وەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پاشان تورکمانەکان (ئاڵتون کۆپری) و عەرەبەکانیش (القنگرە)یان پێ دەگوت. سیسیل ج. ئێدمۆنس، لە پەڕتووکەکەی (کورد، تورک و عەرەب)دا دەڵێ: بە پێی داستانێک ئەم شارۆچکەیە ناوی خۆی لە ناوی ژنێک بە ناوی (ئاڵتون) وەرگرتووە، کە دوو پرد بە فەرمان یاخود سەبارەت بەو سازکراون. (بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆی دەربارەی ئەو داستان و ژنە نەنووسیووە- نووسەر)؛ بە پێی داستانێکی دیکە، ناوی ئەو پردەیان بۆ تەوس لێدان سەبارەت بە پارەیەک کردۆتە ((زێڕ))، کە لە ڕێگای سازکردنی ئەو پردەدا فەوتاوە(٤).

بە پێی سەرچاوەکانی تریش بێت، ڕەگەزی ناوەکە هەر (پردی زێڕ)ە کە لە شێوەی دێیەکی بچووک بووە و دوایە شارۆچکە و ئێستاش (ناحیە)یە، چونکە هەر وشەی (زێڕ)ە کراوەتە

(ئاڵتون) و (پردێ)ش بە (کۆپری)، (پردی زێڕ- ئاڵتون کۆپری)، کە هەر یەک مانایان هەیە. کەوابێ لێرەدا داستانی دووهەمیان گونجاوترە.

هەروەها سیسیل ج. ئێدمۆنس لە لاپەڕە ٣٥٨ی پەڕتووکەکەیدا دەڵێ: تورکەکان لە پاشەکشەی ساڵی ١٩١٨ دا، دوو دانە پردی سەر ئەو ڕووبارەیان (زێی گچکە- نووسەر) تەقاندبۆوە و چەند ئاسنی بەدسیمایان لە جێ دانابوون. (جارێکی تر پردەکان چاککرانەوە و بەکار دەهێنرێن- نووسەر).

١- گەڕەکی (ساڵەیی) کە بە عەرەبییەکەی (ڵالحی)یان پێ دەگووت، زۆربەی خەڵکەکەی کوردن کە بە ڕێژەی ٩٠٪ی دانیشتوانەکە پێک دێنن. (لەوانەش زۆربەیان کوردی ساڵحین) و نزیکەی ٨ ٪ی تورکمان و ٢٪ی عەرەبی نیشتەجێن(٥). ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی، بەری کەرکووک.

٢- گەڕەکی (ناوەند) کە تورکمانەکان (ئۆرتە)ی پێ دەڵێن، دەکەوێتە ناوەڕاستەوە (نێوان هەردوو پردەکان) و بەرێژەی ٦٠٪ی کوردن و ٤٠٪ی تورکمانن، بەڵام عەرەبی لێ نییە.

٣- گەڕەکی (تسن) کە (تسعین)یشیان پێ دەگووت، بە هەمان ڕێژەی گەڕەکی ساڵەیی کورد و تورکمان و عەرەبی لێیە. ئەم گەڕەکە دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی، بەری هەولێر(٦). بە گشتی پردێ لە نێوان هەردوو شاری گەورە (هەولێر - کەرکووک)ە، بەڵام لە دەخلی پارێزگای کەرکووک دایە.

(زێ)ش، له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان، له بناره‌کانی ڕۆژهه‌ڵاتی زاگرۆس، له باشووری ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ هه‌ڵده‌ستێ. نزیک به هه‌شتا مایل شان به شانی چیاکان ده‌چێته پێش، له سه‌ره‌تادا به‌ناوی ((لاوێن)) و پاشان به‌ناوی ((چه‌می



وێنه‌ی زێی (گچکه). به دیوی پێشه‌وه (چه‌می قازی) و به دیوی پشته‌وه لاته‌نیشتی چه‌پی ئه‌شکه‌وتی (قزقه‌پان)، به‌لای دێی (شێخه‌یی) دا.

که‌ڵوێ)) ده‌ناسرێ؛ دوایی له‌پڕ به‌ره‌و ڕۆژئاوا لارده‌بێته‌وه و سه‌رکه‌وتووانه ڕێیه‌ک بۆ خۆی ده‌کاته‌وه. سه‌ره‌تا به ناوچه‌یه‌کی خواروخێچدا چیاکانی سه‌رسنوور ده‌بڕێ و له نزیکی ((قه‌ڵادزێ)) ده‌چێته ناو عێراق؛ ئینجا به ((ده‌ربه‌ندی ڕه‌مه‌کان))دا له چیاکانی کوڕکوڕ- ئاسۆس و درێژه‌ی ئه‌و تێده‌په‌ڕێ، که ناوی ((کێوه‌ڕه‌ش))ه. پاشان ڕوو له باشوور ده‌کات و له قه‌ره‌سه‌رد و درێژه‌ی ئه‌و ((کۆسره‌ت))ی نزیک ((دووکان)) تێده‌په‌ڕێ تا ده‌گاته ناوچه‌یه‌کی شاخاوی و پڕ له هه‌وراز و نشێو له بناری چیاکاندا و درێژه به ڕێگا ده‌دات. له پێشدا به‌ره‌و ڕۆژئاوا و پاشان

بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچێ و ناوچەی پردێ (ئاڵتون کۆپری) بەجێ دێڵێ. سەرئەنجام لە ٢٠ مایلی گەرووی ((فەتحە)) ئەو جێیەی کە دیجلە بە کێوەسووردا تێدەپەڕێ، یانی لە ٢٠٠ مایلی بەعدا، بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو دەڕژێتە ناو دیجلە. زێ‌ش لە ناوچەکانی خوارووی دا، لە ڕۆژئاوای کەرکووک، چەند کەناڵی کۆنی ئاودێری هەڵدەسوڕێنێ کە لەم دواییانەدا هەندێک بوژاونەتەوە. ئەو ڕووبارە هەمیشە ڕێگایەکی گرنگی ڕاگواستن بووە و نە تەنیا (کەڵەک)ی داریان پێدا بردووە، بەڵکو کەڵەکی سازکراو لە مەشکەی بارکراویشی پێدا ڕۆیشتووە. ئەو کەڵەکانە ئێستا هەرزانترین و ئاسانترین ئامرازی ڕاگواستنی دانەوێڵە و بەرهەمەکانی باکوور بۆ باشوورن(٧ ).

زێی گچکە، کە بە ناو ئەم شارۆچکەیەدا تێدەپەڕێ، ژمارەیەک ئاوی جیاوازی تێکەڵ دەبێت، کە هەندێکیان ئەمانەن: قەڵادزێ و ژاراوە و چەمی سوڵتانەدێ و چەمی بەستەسیش و شەهیدان و گافرین و ڕووباری باسلم و تایین و گەلێ شیویش، وەکوو شیوی بایزئاغا و شیوەئاشان و سوورداش و چەمی قەمچوغە و شیوەسوور و شەواسەر و چەمی بابلان و جۆلان و ... تاد. درێژایی زێی گچکە لە هەندێ سەرچاوەدا ٤٠٠ کیلۆمەترە، واتا بە درێژترین لقی زێی دیجلە دەژمێردرێ، پانتایی حەوزەکەی لە ٢٢ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە زیاترە. داهاتی ساڵانەی ئاوی لە ٧ ملیار مەتری سێگۆشە زیاترە و تێکڕای ئاوڕۆیشتنی لە ئێسگەی (پردێ)دا لە یەکێ لە ساڵەکاندا گەیشتۆتە ٢١٦ مەتری سێگۆشە. لە دوکان نزیکەی ١٨٠ مەتری سێگۆشە بوو لە چرکەیەک دا. ڕووباری دیجلە ساڵی ١٧٪ی ئاوەکەی لە زێی گچکەوە بۆ دێت(٨).

# هاواری کوڕە و کچە

⋆ کوڕە لە سەرەتای ژیانی لاویدا لاوێکی جوان و خڕکەرەی تێکچەقیوی مووڕەش، تازەنەمامی خێزانەکەیان بوو. ڕەزاسووک و گفتولفت خۆش و هەڵکەوتووی بنەماڵەکەیان بوو. لەناو لاوانی گەڕەکیشدا لە ڕووی جوانییەوە بێهاوتا و لە مەیدانی قارەمانێتی و سوارچاکی دا، کارزان و ئازا بوو و زۆر لەبار و چوست و ژیر هەڵکەوتبوو. کەمدوو و لەسەرخۆ، بەڵام لە کاتی ئاخافتندا لێوەکانی بە خەندە و زۆر ئارامدوو، سەگوانێکی باش، ڕاوکەرێکی توند و تا بڵێی گورجوگۆڵ بوو. لە مەیدانی حەیران و لاوک و هۆنینەوەی ئەویندارى دا، دەنگێکی زوڵاڵ و پڕگەوهەری هەبوو. زۆربەی بەیتەکانی حەیرانبێژە ناودارەکانی پێش خۆی لەبەر بوو و دەیگووتنەوە، کە بە بڵێسەی ئاگری دەنگە خۆشەکەی دەیتوانی کڵپەی دڵی ئەویندارن بەگڕتر بکات، زامی دڵی بەساڵاچووانی دەکولاندەوە و دەمانی لاویەتیی بەبیر دەخستنەوە. حەزی بە پیاوەتی، سەخاوات، خۆشەویست و گوێڕایەڵ بوو.

⋆ کچە لەناو کچانی گەلەئاسکی گەڕەکەکەی خۆیاندا لە هەمووان خوداپێداوتر بوو. دوو چاوی کەژاڵی، بەژنوباڵا بەرز و خوێنشیرین، کەزییە درێژەکانی سەر شانی لای ئێواران و کاتی گۆزەپڕکردن لە ئاوی خاوێنوباوێنی زێیەکەی بەر ماڵان، بە نەسیمی سەر ئەو زێیە شنەشنیان بوو و گرێکوێرەی دڵی لاوانی دەکردەوە. خوو و ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤانەی، داوێنپاکی و نەجیبیی، وای کردبوو کە نەک هەر کوڕە، بەڵکو هەموو لاوانی گەڕەک شەیدای بن و خەون بە ڕۆژی بەختەوەریی لەگەڵدا ببینن. بەڵام ئەو هەر عەشقی کوڕە، دڵ و دەروون و مێشکی ئاو دەدا و بزوێنەری هەست و سۆزی بوو، هەر ئەمانەش بووبوونە هۆی ئەوەی کوڕە شەیدای جوانیی بێت و حەیرانی نەرمونیانیی بێت.

٭ کوڕە لە کۆشی خێزانێکی هەژار و دەستکورت و زەبوون چاوی کردبۆوە. دایک و باوکی، کە تایەفەکەیان بە (شۆربا) دەناسرا، جگە لە کوڕەکەیان خاوەنی تەنها کچێک بوون. ئەو هەرچەندە ئەندامی بنەماڵەیەکی کوردی هەژار و نەداری (پردێ) بوو، بەڵام کە دەستی داری گرت بۆ بژێوی ژیانی ڕووی لە کەسابەت و نانپەیداکردن کرد و جۆرەها ئیشوکاری وەکوو: شوانی، ڕێنجبەری، کرێکاری خانوودروستکردن و ئاگاداری باغ و بێستانان و کشتوکاڵی مەزرایەی کردووە. بەڵام لە سەرووی هەموویانەوە کەرەکەوانی کە پیشەی سەرەکیی بوو، بە تایبەتی لە وەرزی هاوین و بەهار دا، چونکە لە زستاناندا زێیەکە بەهۆی ئاوی بارانەوە و تێخزانی ئاوی جۆگا و چەمەوردەکان بەتەواوی پان دەبووەوە و بە شێوەیەکی سامناک خۆی دەنواند.

٭ کچە باوانی زەنگین و هەبوو و خاوەنی ماڵی زۆر و لە ناوچەکەدا دەسترۆ بوون. ئەمان بەرەچەڵەک تورک بوون. باوکی کچە (هارون)، لەگەڵ ئەوەی یەکێک لە ئەفسەرە دەستڕۆیشتووەکانی عوسمانییەکان بوو، کە ئەوکات فەرمانڕەوایی ناوچەکە بوون، مرۆڤێکی زاڵم و چاوسوور بوو. ئەو ئەفسەرە یەکێک لە جەندرمە نەگریسەکانی عوسمانییەکان بوو، کە خەڵکەکەی بە توندوتیژی و کاری داپڵۆسێنەرانە تۆقاندبوو و دەستی بەسەر ملک و ماڵیاندا دەگرت. بەم شێوەیە خەڵکەکە هەموو لە دەستی کەوتبوونە دادوبێداد و کەسێکیش نەبوو سکاڵای خۆیانی لەلا بکەن، چونکە سەردار و بندار هەر خۆی بوو و لەو سەردەمەشدا کە عوسمانییەکان و ئێرانییەکان لە شەڕێکی گەرمدا بوون، کەسێک لە ئاست دڕندایەتی تورکەکان نەیدەتوانی شتێک بڵێ. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کچە، پێچەوانەی هەڵسوکەوتی باوکی، سادەپۆش و بێ فیز بوو. ئەو هەرچەندە بە ڕەچەڵەک تورک بوو، بەڵام نموونەی باوکی نەبوو و بە هەست و نەستێکی مرۆڤانە دەیڕوانییە ماڵە کوردەکان و هەرگیز ئەوەیشی پیشان نەدەدا، کە ئەمان بەدەسەڵاتن و ئەوانی تر ژێردەستەن. هەمیشە ئارەزووی تێکەڵبوونی ناو کچانی تری دەوروبەرەکەی دەکرد و لە گوڵچین و کەنگر و گێلاخەهەڵکەندنی دەشت و دەردا، هاوڕێیەتی دەکردن و گۆرانی و باللۆرەی لەگەڵ دەگوتن(٩).

ماوەیەکی دوورودرێژ بوو کوڕە، کاسبییەکانی کە پێشتر پێوەی سەرقاڵ بوو وەکوو: شوانی، ڕێنجبەری، کرێکاری خانوودروستکردن و ئاگاداری باغ و بێستانان و زۆری تر، کەم بووبوون و لەبەر خەڵکێکی زۆری بێ کار بەدەستی نەدەکەوتن. ئەو لەو هەژاری و نەبوونی و دەستکورتییەی خۆی وماڵەبابی تێیکەوتبوون، لەتەنانێکی بەهۆیەوە وەدەست دەهێنا، بەڵام ئێستا وای لێ هاتبوو، بە سێیەکی ئەو داهاتەی کە پێشتر وە چنگی دەکەوت قایل بوو، کەچی خاوەن کار ئاوڕیان لێ نەدەدایەوە. (برسێتی ڕەگێکی لە هارییە)، ئەویش نەداری زۆری بۆ هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست بێ ئیش و کار، سەرگەردان لەو ناوەدا بسوڕێتەوە. ئەم شتانە ناچاریان کرد تاک و تەنها شان بداتە بەر شانی کارە قورسەکە، ئەویش کەرەکەوانی بوو. هەر ئەوەش بوو پیشە سەرەکییەکەی، بەڵام کە خۆی لێ دەپاراست هۆیەکەی سەختی کارەکە بوو و لە کێشەش بەدوور نەبوو. دیارە لەو دەمەدا کەرەکەوانی پیشەیەک بوو کە خەڵکی تریش لە شارۆچکەکەدا پشتیان پێ دەبەستا و بۆ زۆر شت کەڵکیان لێ وەردەگرت، بەڵام ئەوەی کوڕەی هەژاری لە خەڵکەکەی تر جودا دەکردەوە، تەنیابالّی کوڕە بوو. لەو سەردەمەدا کە ئامرازەکانی هاتوچۆ کەم بوو و یاخود لە هەندێک شوێندا هەر نەبوو، ئەگەرچی لە (پردێ)دا بە بەراوردکردن لەگەڵ شوێنەکانی تر گونجاوتر بوو، بە هۆی ئەوەی شارەکە لە جێگایەکی ستراتیژی هەڵکەوتووە، کە پەیوەندی بازرگانی و هاتوچۆی نێوان هەولێر و کەرکووک بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆیە کەرەک لەو دەمەدا کەلێنێکی گەورەی لەو بۆشاییە پڕ دەکردەوە. کەرەک لە کۆمەڵێک دار و چیلکە و گەلادار دروست دەکرێ و وەک ئامرازێکی هاتوچۆ و گواستنەوە وەکوو: پەڕاندنەوەی نەفەر بەسەر ئاودا لە نێوان دێهاتەکانی دەکەونە ئەمبەر و ئەوبەری زێ، هێنان و بردنی کەرەسەی بژێوی ژیان کە لەم حاڵەتانەدا شتی قورسیشی لەسەر دادەنێن و هەروەها لە پێشدا بۆ بووکگواستنەوەش خەڵکەکە سوودیان لێ دەبینی.

ئەو کوڕە هەژارە، پشت بەخۆ بەستن، بە هێز و بازووەکانی خۆی، بێ نەپسانەوە دەستی بە کارەکەی کرد. کەرەکەکەش کە هەر بە وەستایی خۆی دروستی کردبوو، لە گیشەگەنم باری دەکرد، بە زێی گچکەدا کە دوایە ئەو زێیە لەگەڵ ئاوی دەجلە تێک دەکاتەوە، ئەویش لەگەڵ پێڵەکان و تەوژمی زێیەکە بەرێ دەکەوت، بە مەودایەکی دووورودرێژ و وەختێکی نەکەم، ئەو رێگایەی دەبڕی بە ئاوەکەدا تا دەگەیشتە نزیک بەغدا. لەوێدا دەیفرۆشت و هەندێک جار بە شتومەک و کەلوپەل، ئاڵوگۆڕی دەکرد و هەندێک جار خورما و شتی تری لەجیاتی دەهێنا. جاری واش هەبوو بەرلەوەی بگاتە نزیک بەغدا لای دەدا و لەناو خێڵە عەرەبەکانی ئەو ناوچانە بە پارەوپووڵ و کەلوپەل دەیگۆڕییەوە. هەڵبەتە رێی گەڕانەوەی کە بە شارەکاندا بوو بە مەودایەکی دوور و درێژتر دەبڕی.

بەو شێوەیە کوڕە زۆربەی کاتەکانی لە دەم زێیەکە دەبردە سەر و خەریک دەبوو تا گەنم و گیشەگەنمی یەکالا دەکردەوە. کچەش وەک دەستەخوشکەکانی هاوتەمەنی خۆی گۆزەی ڕەنگینی لەسەر شان دادەنا، لە ئاوی زێیەکە پڕی دەکرد و بەدەم قسە و پێکەنینەوە بەرەو ماڵ دەهاتەوە.

دیارە کەرەک بێ ئاو نابێ، هەرواش خۆشەویستی و ئەوینی کوڕە دەچێتە گیانی کچەوە و تێکەڵ بە خوێنبەر و خوێنهێنەری ئەندامەکانی لەشی دەبێت و ساتێک بێ ئەو هەڵ ناکات.

لەو ڕۆژەوەی کچە شەیدای گورجوگۆڵی و لێوەشاوەیی کوڕە بووبوو، خەو و خۆراک و حەوسەڵەی چوونەدەرەوەی جارانی نەمابوو. ئەو پێشتر زیاتر بۆ هەواگۆڕین دیقەتێکی سروشت و دوو قسە لەگەڵ دەستەخوشکەکانی، گۆزەی دەست دەدایێ و چەند جارێک ئاوی لە زێیەکەوە بە شان دەکێشایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گلەیی لە ڕەوشەکە دەکرد و دەیگوت: ئەمە حاڵ نییە، ئەم ئاوکێشانە چەند بار لە ڕۆژێکدا و سەرخستنی بەم هەورازەدا چۆن دەبێ! دەبێ بەشی خواردن و خواردنەوە، خۆشوشتن و جلشوشتنیش بکات، ئاخر ئێمە دەپچڕێین! کەچی ئێستا ماوەیەک بوو زیاتر هاتوچۆی سەر زێی دەکرد و ئاوی سازگاری زێیەکەی دەکێشایەوە و هەستی بە ماندووبوون

نەدەكرد، بە شێوەی خولقی جارانیش دەستەخوشكەكانی نەدەدواند. ئەوان هەموو لایان وابوو كە گوناهێكیان بەرانبەر كچە كردبێت و ئەویش دڵی لێیان ڕەنجابێ، لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان بەخۆیان شك نەدەبرد.

كچە ئارەزووی تەنیایی دەكرد، دەیویست بیر بكاتەوە، بیر لە چارەنووسی ژیانی، چارەنووسێك كە داهاتوو دەستنیشانی دەكات، داهاتوویەك كە خامەی لەسەر داناندرێ. ئەو پێی وابوو، شانی داوەتە بەر بارێكی قورس، بارێك كە هەرچەند لێكی دەدایەوە هەڵگرتنی مەحاڵ بوو، خۆ لەگەڵ مەحاڵیش چی دەكرێت و چی كراوە؟ بەڵام، خۆ دڵیش هەڵفڕی و لەسەر هەر لوتكەیەك نیشتەوە، ئارام نەبێ، بە هیچ شتێكی تر كەوی نابێتەوە و نایەتە خوارەوە.

كچە حەزی لە كوڕە كردبوو، گوڵی لە باخچەی جوانیی چنیبوو. كوڕە بە شۆخوشەنگیی، پاكزادەیی ی مەلی دڵی كچەی ڕاو كردبوو، بۆیە كچە لە هیچ شوێنێك خۆی پێ نەدەگیرا و خەیاڵی لە گێژەنێكی قووڵ و پێچاوپێچی زەریای ئەوین گێژی دەخوارد و ئارەزووی دەكرد مەلەوانێك ڕزگاری بكات. هەر لە یەكەم ڕۆژی ئاشنابوون و خۆشویستنی خۆشەویستەكەی، ترسوتۆقی لێ نیشت. ئەو لە شتێك دەسڵەمییەوە و دەترسا كوڕەش هەر لەو ترسە نەیەتە ڕایێ. كچە زۆر وردبین و كارامە بوو و وای بیر دەكردەوە، ئەو كچی باوكێكی زاڵم، داربەدەست، دەوڵەمەند و ملهوڕە و لەگەڵ ئەوەشدا لەناو خەڵكیدا خۆشەویست نییە. بە پێچەوانەوە كوڕە هەژار، بێكەس و بێپشت و پەنایە و لەناو خەڵكیش خۆشەویستی هەمووانە. جا ئەم شتانە كەی باوكەكەی ڕووی پێ هەڵدێ؟

لە ئەنجامدا كچە هاتە سەر ئەو بڕوایەی هەرچۆنێك بێت ڕاز و نیازی خۆی لای كوڕە بدركێنێت. بەمەش هەنگاوی یەكەمی بەرەو ناخی كوورەی گەرمی خۆشەویستی كوڕە نا. بۆچوونەكەی ڕاست و ڕەوان بوو. هەركە عەشق و خۆشەویستی پاكی خۆی بە كوڕە گەیاند، كوڕە لای خۆی زۆر سەرسام بوو، لە لایەكەوە دەترسا و لە لایەكی ترەوە بەجارێك دڵخۆش بوو كە باوەڕی پێ نەدەهات. دەترسا لە باوكی كچە، كە ناوبانگی مرۆڤ داپڵۆسێنەرانەی ئەو، لە

ناوچەکە و ناو خەڵک زۆر بەدەنگ بوو و هەرگیزاوهەرگیز باوەڕی نەدەکرد، کچەکەی بە کوڕە کورد و هەژارێکی ناوچەکە ببەخشێت. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەبوو کە ئەوان داگیرکەر و ئەمان داگیرکراو، ئەوان هەر دەزانن داگیر بکەن و هەر واشیان کردووە و هەرگیز نەیان بەخشیوە. دڵخۆش بوو بەوەی شۆخوشەنگ و نازدارێکی وەکوو کچە بیری لە هاوسەریەتی و پێکەوەژیانی لەگەڵ هەڵبژاردووە. هەرچۆنێک بوو کوڕە، بە ترسێکەوە وەڵامی کچەی دایەوە و پێی ڕاگەیاند: منی هەژار و نەدار و بێچارە و تۆیان نەگوتووە، باوکی من، گەر ڕۆژەکرێکارییەکی بازووەکانی من نەبێ، دوور نییە ئەو ڕۆژە بێ نان بمێنینەوە، باوکی تۆ دەوڵەمەند و بەدەستەڵات و لە ڕیزی خەڵکێکی ترە، چۆن بەم شتە ڕازی دەبێ؟ سەرەڕای ئەوانەش دوور نییە حیسابی ئەوەشم لەگەڵ بکات کە ئەو تورک و من کوردم.

بەڵام خۆشەویستی کوڕە بە شێوەیەک چووبووە دڵی کچەوە، مەگەر تەنها مەرگ بتوانێ لەلای دەربکات، بۆیە بەو شێوەیە و ڕۆژ دوای ڕۆژ، خۆشەویستی نێوانیان زیادی دەکرد و ئیتر لەو ڕۆژەوە جێ ژوانگەیان سەر زێ و ئاوەکە بوو، ئەو ئاوەی کە سەرچاوەی بژێوی خەڵکی شارۆچکەکە و تەواوی دێهاتەکانی کە لە سەری هەڵکەوتبوون بوو.

لەو ڕۆژەوە بە شێوەیەک هۆگری یەکتر بوون و دڵیان بۆ یەکتر چووبوو. لەناو کوڕان و کچانی گەڕەکدا و بە پێی هەلی گونجاو، لە هەمووان زیاتر کات و ساتەکانیان بەو شێوەیە بەسەر دەبرد و خۆشەویستی و وەفاداری بێخەوشی یەکتریان لە ئامێز دەگرت، بوون بە دوو دڵداری گیانبازی ڕێگای عەشق و هەر لەو ڕێیەوە درێژەیان بە کاروانی گەیشتن بە دوائامانجی مەبەستەکەیان دا. گڕی پشکۆی ئاگری خۆشەویستی ئەم دوو دڵدارە، ڕۆژ بە ڕۆژ بەتینتر و بەرزتر دەبوو، تا وای لێ هات دەور و جیرانان، بە تایبەتی دەستەخوشکانی کچە پێیان زانی و لەناو خەڵکی دەنگی دایەوە. هەڵبەتە ئەوانیش دەم بە دەم زیاتر یەکتریان خۆش دەویست و شەیدای عەشقی پاکی یەکتر دەبوون.

تا ئەوکاتە وەک دوو کۆتری یەک هێلانەی سەر دارێکی ئەوین و خۆشەویستی بوون.

کاتێک کچە داوای لە کوڕە کرد بێنە خوازبێنیی، کوڕە لەم کارە زۆر دەترسا و هەرچی پێشتر بیری لێ دەکردەوە، وەبیری دەهاتەوە و هەمووانی بە کچە ڕاگەیاند کە ئەو کوڕەهەژارێکی وەها بێت، کەی جێی ئەوەیە بچێتە داخوازی کچێک کە لە خێزانێکی خاوەن سامان و دارایی زۆری ساڵانە و سوکنەی لەبار و خۆش، دەستڕۆ و بەشکۆ بێ و لە سەرووی هەموویانیشەوە، (هارون) باوکی بێت، کە کەس ناوێرێ تەماشای بکات. لە لایەکی ترەوە کوڕە، ئاگری عیشق سووتاندبووی، شۆخوشەنگی و میهرەبانیی، ڕووخۆشی و هەستناسکیی، بێفیزی و خانومانیی کچە، خۆیان خزاندبووە تەنانەت ناو هۆشییەوە و بەری بیناییان لێ گرتبوو و دەستبەرداریی مەحاڵ بوو. بۆیە کوڕە کەوتبووە نێوان دوو هەستی ناسک، یەک پڕ لە خۆشی و یەک پڕ لە ترس و کێشە و دەبووایە یەکیان هەڵبژێرێ. دیارە خۆشەویستی پاک و بێگەرد هیچ مەودایەکی بۆ نییە و گەر لە ڕەوشتێکی بەرز و عەشقێکی بێخەوشەوە سەرچاوە بگرێ، ئەوا هیچ تەورێک ناتوانێ ملی عەشقی ببڕێتەوە.

هەرواش بوو، عەشق و ئەوینی کچە زاڵ بوو و کوڕە بڕیاری چوونە خوازبێنیی دا.

باوکی کوڕە و هەندێک لە بەساڵاچووەکان، بەپێی نەریتی کوردەواری، بە نیازی خوازبێنی ڕوویان لە ماڵی باوکی کچە کرد، بەڵام قسە بەچی دەچێت. ئەمان هەژار و نەداری گەڕەک و ئەوان خاوەن سەڵتەنەت و سامانی زۆر. باوکی کچە کاتێک بە پەیوەندی نێوان ئەم دوو عاشقە دەزانێ، ڤینی تووندی لە هیچ عەردێک تۆتکە ناگرێ، وەک ئاکاری ڕۆژانەی خۆی، دەستی بە هەڕەشە و تانەوتووانج کرد و بێڕێزییەکی زۆری بەرانبەر بە داخوازیکەرەکان پیشان دا. داخوازیکەران بە دەستی بەتاڵ گەڕانەوە. دوایە هاتە سەر کوڕە و ناردی ئەویشیان هێنا و بە دەردێکی هێندە خراپی برد (کارێکی پێ کرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ)، سەرەڕای ڕیسواکردن، قسەپێگوتن، شعورشکاندنێکی زۆر، بە دەستە و جەندرمەکانی خستییە زیندانەوە و هەر ئەوان ڕۆژانە ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆریان دەدا. بەو شێوەیە هەفتەیەک کوڕەی بێ سەروشوێن کرد. هەرواش لە هێلانەی خۆشەویستی پەڕەوازەی کردن و پەیوەندی بێخەوشیانی تا ماوەیەکی زۆر

بڕی و ترسوتۆقێکی زۆریشی خستەبەر کوڕەوە. بەم هەواڵە پایزێکی تەم و مژاوی، گەڵاڕێزانی ڕۆح، سارد و پڕ لە باران و خەفەتاوی، دونیا پڕ لە سامۆتکە دەکات و شەوەزەنگی خنکاندنی ڕۆشنایی بەر دیدەکانی کچەی گرت و ئەسرینە گەشەکانی دلۆپ دلۆپ بەردەبوونەوە.

پاش ئەوەی کوڕە بە لەش شکاو و برسی و تینوو لە زیندان هاتە دەرەوە، ماوەیەکی ویست تا هاتەوە دۆخی جارانی و دەستی بە کەسابەت کردەوە بە دوو مەبەستەوە: بۆ دیدەنی کچەی خۆشەویستی کە پاش بیستنی هەواڵی بەندکردنی ئەو بەتەواوی کەوتبووە سەر جێگا، هەروەها بۆ بژێوی ڕۆژانەش. ئەو پاش ئەو کێشەیە هێندەی تر پەشۆکاوی و خەمباری پێوە دەبینرا و بڵێسەی ئاگری دووری ڕەنگوبۆی کچە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەیپڕوکاند و گۆشەگیری دەکرد.

ئەمجارەیان کچە، بە دڵشکاوی و خەمبارییەوە، هەرچەند بیری دەکردەوە ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا بیری لە هەڵسوکەوتی باوکەکەی دەکردەوە، پێی وانەبوو خاڵێک هەبێت باوکی لەوێدا لەنگەر بگرێت و ببێتە هۆی ڕازیبوونی و لەم کارەدا قسەیەکی لەگەڵ بکرێت.

کار بەو شێوەیە دەڕۆیی، هەردووک هەراسانیان لێ هەڵگیرا و خەو و خۆراکیان لێ حەرام بوو. کچە دوابڕیاری خۆی دا، بە هەر جۆرێک بێت، کوڕەی خۆشەویستی قایل بکات، بە جووتە سەر هەڵبگرن و بە دوای چارەنووسی وێڵی خۆیاندا بەرەو شوێن و مەڵبەندێکی تر کۆچ بکەن و ژیانی دووری، بەڵام لە باوەشی گەرمی ئەوینی پاک، خەوی شیرین ببینێ. بەم جۆرە کچە، لە ڕێگای یەک لە پیاوەکانی باوکی، بەئەمەگی و ڕاستگۆیی خۆی بۆ کوڕە دووپات کردەوە و پێیشی ڕاگەیاند، کە ئامادەی هەر جۆرە بڕیارێکە ئەو پێی باش بێت، بەو مەرجەی سەرشۆڕی و ئابڕووچوونی تێدا نەبێت.


هەرچەندێک کوڕە ئەمەشیانی پێ کارێکی سەخت بوو، بەڵام لەبەر هەڕەشەی خۆکوشتنی کچە، ئەویش بەڵێنی تا هەتایەی دایێ. لەو هەلومەرجەدا دەبن تا بەیەکەوە ڕێگای دەربازبوون بە مەبەستی بەیەکگەیشتنی یەکجارەکی هەڵدەبژێرن.

درەنگانی ئێوارەیەکی بەهارە، دونیا کشوماتە و خاک بەرگی ڕەنگینی خۆشترین مانگی ساڵی پۆشیوە. بای نەسیمی شەو تێکەڵ بە بۆنی گوڵاڵە و نێرگزی شەهلا و دیلبا و لاولاوی بەژندرێژ بووە و بەسەر شاردا شنەشنیەتی. بەو ئێوارەیە کوڕە، کچە هەڵدەگرێت و ڕوو لە ئاواییەکی بچووک دەکەن. لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵگای کوردەواریدا لێقەوماوان و کەسانێک کە تووشی گیروگرفتی کۆمەڵایەتی دەبوون، بۆ سازدان و پێکهێنانی کارەکەیان و گەیشتنیان بە ئامانجی خۆیان ڕوویان لە ماڵە ڕیشسپی و گەورەی دێیەکان، یاخود شێخێکی مەڵبەندەکە دەکرد و دەخالەتیان پێدەکرد بۆ ئەوەی کارێک بکات بۆ مەسرەتی و ئاشتبوونەوەیان لەگەڵ کەسی بەرانبەرەکەیان دا.

کوڕە و کچەش هەر بەپێی ئەو نەریتەکۆنەی کوردەوارییە لە ئاواییەکی تر گیرسانەوە و لە ماڵە ڕیشسپی و گەورەی ئاواییەکە، بارگە و بنەیان بەزەویدا داو باسی خۆشەویستی خۆیان و سەختی بارودۆخی ژیانیان و دژوەستانی باوکی کچەیان بۆ گێڕایەوە. هەروەک خەڵکی کورد لە کۆنەوە و پشتاوپشتەوە بۆی ماوەتەوە کە میواندۆستە و لەگەڵ بەڵێنەکانی کە دەیدا ڕاستگۆ و بەوەفا دەبێت. گەر بەڵێنێکی دا سەریشی تیا بچێت جێبەجێی دەکات، یاخود تا ئەو جێگایەی بکرێت درێغی لە هەوڵدانی سەرکەوتنی کارەکەی ناکات، لەتێک نانی هەبێت لەگەڵ میوانەکەی برابەشی دەکات.

پیاوی گەورەی دێ کە ڕەوشی کوڕە و کچەی بینی، دڵی بە جووانیەتی ئەم دوو لاوە سەرگەرمە سەرهەڵگرەی شەیدای عەشق و ئەوینە سوتا و بەڵێنی پێیاندا هەرچی توانای هەبێت بۆ سەرکەوتنی کارەکەیان و بەیەکگەیشتنی ئەوان بیخاتە کار و، هەروەها هەرێی ئەوەشی پێیاندا کە زامنی ژیانیان دەکات، تاکو لە ماڵەکەی ئەودا بن کەسێک ناتوانێت دەستدرێژییان بۆ بکات، بەڵام بەداخەوە، کاتێک ئەمیش بەوەی زانی کە کچە، کچی ئەفسەر (هارون)ە، خۆی لە مەسەلەکە بەدوور گرت و پێی وانەبوو کە بتوانێت زەفەر بە باوکی کچە بەرێت. بەو شێوەیە هەوڵەکانی ئەمیش هیچی لێ پەیدا نەبوو و لە ئاست ئەم کارەدا دەستەوەستان مایەوە، پیاوی گەورەی دێ،

داوای لێبوردنی لێیان کرد و هەر ئەوەندەی پێ کرا تاکو لە ماڵەکەی ئەودا بن، سەلامەتی ژیانیان بپارێزێ.



وێنەی ئەشکەوتی قزقەپان

کاتێک هەردوو عاشق لەم هەولەش هیوابڕاو بوون، باری سەرشانیان هێندەی تر گرانتر بوو و سەخڵەتی تەنگی پێیان هەڵچنی و ترس و ناهەمواری لە ماڵە کچەش تێکەڵ بە ژیان و خەو و خۆراکیان بوو، دەستیان لەم هەوڵەش شوشت.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی پریاسکەکانیان لە نانەڕەق و جلەشڕ پێچایەوە و بەرەو چارەنووسێکی نادیار و ڕێیەکی پڕ لە مەترسی و کەندوکۆسپ، کەوتنە ڕێ، بەڵام بەداخەوە کەسێک لە ترسی بێبەزەیی ی باوکی کچە، ناوێرێ دالدەیان بدات، بۆیە ئەمجارەیان بەخت بەرەو دێهاتەکانی لای سەرەوەیانی هێنا و بە ڕێنوێنی و پاڵپشتیی پیاوی ئازا و لێهاتوو (مراد)ی خەڵکی (شێخەیی)، لە ئەشکەوتی قزقەپان(١٠)، لە نێوان دێی (شێخەیی) و (قەرەبەگ) گیرسانەوە و تیایدا مانەوە. ئەم ئەشکەوتە، بە دووری یەک کیلۆمەتر دێی (شێخەیی) لای ژووروویی و نزیکەی سێ کیلۆمەتر دێی (قەرەبەگ) لای ژێرووی هەڵکەوتووە.

ئەشکەوتی (قزقەپان)، بەسامی و هەیبەتی خۆیی و ڕێگای دژواری، کە دوژمن بە ئاسانی زەفەری پێ نابات، بۆ ماوەیەک بووە پەرژینی پاراستنی ئەم جووتە.

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە قەد لوتکەی شاخێکی بڵند، کە زۆر عاسێیە و دیمەنێکی بەسامی هەیە و قەدوباڵای تا بڵێی جوان و بەهەیبەتە و دەڕوانێتە سەر زێی گچکە، سەرەڕای بەرزی لوتکەکەی، هێندە زاڵە بەسەر ئاوەکە، بە جۆرێک کە ماسییە گەورەکان خۆیان دەخەنە سەر پشت و دەخولێنەوە، لەو بەرزاییە سپی دەچنەوە و بەدی دەکرێن، هیچ جوانییەکی دەستکردی ماسی و ئاو نایگاتێ. لە داوێنی ئەم شاخەدا بەشێک لە گیانلەبەرانی لێ دەژین وەکوو خەروێ، ڕێوی، چەقەڵ و جۆرێک گیانلەبەری تر کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن کسۆک. ئەم گیانلەبەرە چوستە و لە شێوەی ڕێوییە، ڕەنگیان زەرد و خڕکۆڕەن، کە مرۆڤ دەبینن بە خێرایی دەچنە کونەکانیانەوە و خۆیان بزر دەکەن(١١). جگە لەمانە پەلەوەری وەکوو کۆترەکێویلکە، کەڵاوکوڕە، بنزگزەرد و سوێسکەش هێلانەی لە دەوروبەر ساز دەکەن.

زێیەکە لەو ئاستەدا وەک لایەکانی تر بەرین نییە، بۆیە ئاوەکە خێراتر بەرەوخوار دەڕژێ. بە زستانان زیاد دەکات و بەرەو دەشتایی ی قەراغەکان هەڵدەکشێ و دایاندەپۆشی. دیمەنێکی تری جوانی زێیەکە و بەرهەمی، مام حاجی حەمەدەمینی لالۆ و کەرەکەکەی بوو. لالۆ، زادەی دێهاتەکانی ژووروووتری لای بەری تەقتەق بوو، بۆ کەسابەت هاتبووە خوارەوە و لە دێی چەمەزەردی ژێروو گیرسابووەوە. لالۆ، لەو ناوچانەی باب و باپیرانی ژیاون، وشەیەکی ڕێزە و لە جێگای کاک، بەڕێز، یاخود سەیدا بەکاری دەهێنن. بناغەی وشەکەش لە (لالە)وە هاتووە کە ئەویش هەمان مانا دەبەخشێت. ئەو کەرەکەوان بوو و قەمیشی بەسەر کەرەکەکەیەوە و بە ئاوەکەدا دەهێنا دێهاتەکانی خوارەوە و دەیفرۆشت، جارجارە ماسیشی دەگرت. منداڵان، کە بە لێواری زێیەکەدا بۆ ماسی و جانەوەری تری ناو ئاو دەگەڕان، هەرکە لالۆ و کەرەکەکەیان دەبینی، هەندێک هاواریان دەکرد کەرەکەوان هات و هەندێکیش هاواریان دەکرد لالۆ هات. لالۆ تەنها کەسێک بوو کە ئەو پیشەیەی هەبوو، بەڵام بەداخەوە لەپاش نەمانی خۆی، پیشەکەیشی

نەما و کەسێک جێگای نەگرتەوە. لێواری زێیەکە پڕە لە پەلەوەری جوان و دەنگخۆش کە جریوەیان لەگەڵ هاژەی ئاوەکە خۆشترین ئاوازی لێ پەیدا دەبێت.

لەوبەر ئاوەکەوە چەم و بەستێکی بەپیت و نایابی لێیە پێی دەڵێن (چەمی قازی). هاوینان شینایی لێ دەکەن، شووتی و کاڵەگ و تۆمانگی و ئارو و تەماتە و جۆرەها سەوزەواتی بەنرخی لێ بەرهەم دێنن. زۆربەی خەڵکی ئاوایی چەمەزەردی ژوورو و ژێروو، بژێوی ساڵانەی خۆیانی پێ دابین دەکەن.

لە بەرزایی و لاتەنیشتەکانی سەر لوتکەی شاخەکە و ئەشکەوتەکەوە، ئەوەی زیاتر لە جۆری دار بەرچاو بێت، (هەنجیرە کێویلکە)یە کە لە شوێنی عاسێ و سەر ترۆپکەکاندا هەن و بەرێکی کەمشیرین و مەیلەو مزریان هەیە، بەزۆریش تاڵن. لە داوێنیدا و بەلای (شێخەیی)دا زیاتر شاخاوی و قامیشەڵانە، بەڵام بەدیوی خوارەوەیدا لێرەوارە و داری وەکوو ئەسپینداری ڕێک و بەبەژنی لێیە. بەرەو پشتەوە بڕۆی، دۆڵێکی درێژ و لقلقت تووش دەبێت، کە دەڵێن لە زەمانێکی پێشدا، جگە لە گیانلەبەری تر دڕندەی وەکوو پڵینگیشی لێ بووە، شوێنێکی کە ئێستاش ماوە دەڵێن لانەی پڵینگە(١٢)، زیاتر هەڵکشێی دەبێت بە دەشتایی.

شتێکی تر کە بووەتە هۆی ناساندنی ئەم شاخە لە ناوچەکە دا، لە دۆڵێکی کە بە قەد شاخەکەوەیە شوێنەواری کۆن و بەپێی هەندێک سەرچاوە ئاسەواری مرۆڤی کۆنی تێدا جێماوە و پارچەی لە بابەتی گۆزەشگاوی لێ بینراوەتەوە. بەو پێیە پێش ئەوەی ببێت بە جێژوانی کوڕە و کچە، بە دەورێکی زۆر کۆنتر مرۆڤی تری لێ ژیاوە(١٣).

لەبەر چڕی و سەختی و تەلانی شاخەکە و ڕوانینی بەسەر زێیەکە دا، بە شەوان جۆرێک و بە ڕۆژەوە جۆرێک خۆی دەنوێنێ. تەنانەت کەسێکی زۆر شارەزا نەبێت، شەوانە ڕێچکە ڕێیەکانی پێ نازانێتەوە و لێی دەشێوێ. هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پێشمەرگەیەک لە ڕۆیشتنی شەوێکی هاویندا کاتێک ڕێی بەسەر ئەو شاخە دەکەوێ، بەسەر بەندەن و تلیشە بەردەکانیدا بەردەبێتە خوارەوە و ئاوەکە دەیبات، بەو شێوەیە گیانی لەدەست دەدا، ئەوەی لەپاشی بەجێ

دەمێنێت و دەدۆزرێتەوە، تفەنگە بڕنەوەکەی و قووتووە جگەرەکەی دەبێت لە لێواری ئاوەکە(١٤
).

لە شەوێکی هاویندا و بە چاوساغی (مراد)، کوڕە و کچە دەگەنە دەوروبەری ئەم شاخە مەزنە و چاو لە جێگایەکی باش و حەشارگەیەکی زامن دەگێڕن.

لە قەد لوتکەی شاخەکە و بەدیوی سەر ئاوەکە و چەمی قازی دا، ئەشکەوتی (قزقەپان) هەڵکەوتووە، جێگای چەند نەفەرێکی لێ دەبووەوە. گەیشتن بەو ئەشکەوتە کارێکی هێندە ئاسان نییە، تەنها توولەڕێیەکی پێچاوپێچی لێیە، کە بەحاڵ جێگای پێی مرۆڤی لێ دەبێتەوە، کوردگوتەنی ڕێچکەی بزنە، چونکە



وێنەی ئەشکەوتی قزقەپان و زێی گ

زۆر عاسێیە و جگە لە باڵدار تەنها بزن و گیانداری بزۆکی لەو شێوەیە دەیگەنێ.

کوڕە و کچەی عاشق و ترسلێنیشتوو، ئەشکەوتی قەد ئەو شاخە بەگەن دەکەن و لەوێدا دەمێننەوە و درێژە بەو ڕێگا خۆشەویستیەیەیان دەدەن. شەوانە و جارجارەش بە ڕۆژ، زیاتر خەریکی خۆشکردن و گەورەکردن و ڕێکوپێککردنی دەبوون، تا وای لێ هات ببێت بە ژوورێکی

خنجیلانە و خۆش وماڵێکی سەفەری بە شڕەوپڕەی هەژاری لێ دانێن و بودەبار بن. ماوەیەکی درێژ لەوێدا مانەوە. لەو ماوەیەشدا مراد، لەلای خۆیەوە کۆمەکێکی زۆریان پێ دەکات و لە خواردن و پۆشاک و هەموو شتێک یارمەتیانی دەدا. لە هەمووی گرنگتر، مراد کە مامۆستا و زانایەکی ئایینی و چاکەکەر بوو، هەردووکیانی لێک مارە کرد و بەم جۆرە، لەو ڕۆژەوە بەتەواوی بوون بە حەڵاڵی یەکتری.

لەو ماوەیەدا باوکی کچە هەوڵێکی زۆری دا بۆ دۆزینەوەی ئەم دووانە و گەلێ لە پیاوەکانی ڕاسپارد بە گەڕان بە دوایاندا، ئەوانیش بە ناوچەکەدا دەگەڕان و دێهاتەکانی دەوروبەریان دەپشکنی، بەڵام چنگیان لێیان گیر نەبوو.

دەمەدەمی خۆرئاوایە، دونیا بەرەو کشوماتی دەچێت، پەلەوەران ڕوو لە کون و هێلانە و پەناپەسیوان دەکەن. سەدای هاژە و شەپۆلی ئاوەکە لە زیادبوون دایە. کوڕە بە نیازی نێچیرپەیداکردن لەو گیانلەبەرانەی وەکوو کەروێشکە کێوی و کارمامز، کە بۆ دەم ئاوەکە و بۆ ئاوخواردنەوە لە دۆڵەکەوە دەردەکەوتن، شۆڕبووەوە و بە شوێنیاندا دەگەڕا. مەقەستی ئەجەل ڕەگی بەختی ئەو ئێوارەیەیانی بڕی و تووشی دوو کەسی خەڵکی شێخەیی بوو، کە بە هەڵکەوت ڕێیان بەوێ کەوتبوو. لەو دەمەدا کوڕە، هەستی بە ترسێکی زۆر کرد، بە هەناسکەبڕکێ و شێواوییەوە بەرەو ناو ئەشکەوتەکە بۆ لای خۆشەویستەکەی هەڵکشایەوە. ڕووداوەکەی بۆ کچە گێڕایەوە، ئەویش گوتی: (بنوو بێ خەو و خەیاڵ، خودا یەکە و دەرگا هەزار)، بخەوە و بیری لێ مەکەوە، ئەوانە شوان و گاوانن و بەلای ئیشی خۆیانەوە دەڕۆن.

چارەنووس وابوو، ئەو دوو کەسە کە دەگەڕێنەوە ئاوایی، ئەم هەواڵە بە (تەوڵەر) دەگەیەنن. (تەوڵەر) کوێخای دێیە، (شێخەیی)ی لەبەر دەست دایە، نێوانی لەگەڵ (مراد) تەواو نییە. (تەوڵەر) کۆخایەتییەکی خراپ پەیڕەو دەکات و جاسووسیشی لەپاڵ دەکات و لە چاک و خراپ ناگەڕێتەوە. (مراد) پیاوە، زانایە، دیندارە، چاونەترسە و پشت و پەنای لێقەوماوانە.

هەركە (تەوڵەر) بەم هەواڵە دەزانێ كە كوڕە و كچە لە (قزقەپان) خۆیان حەشار داوە و (مراد) یارمەتییان دەدا و ئاگای لە هەموو كەینوبەینێكیانە، بە هەلی دەزانێ و دەیەوێ تۆڵەی خۆی لێ بكاتەوە. هەر ئەو شەوە گورج قاسیدێك دەنێرێ بۆ لای باوكی كچە و پێی ڕادەگەیەنێ كە كوڕە و كچەی دۆزیوەتەوە.

باوكی كچە سەرلەشكرێك بە چل سوارەوە ئامادە دەكات و بۆ سەر (كوڕە) و (مراد) بەڕێیان دەكات. هەركە لەشكر نزیكی ئەو ئاقارە كەوتەوە، كوڕە و كچە زانییان كار لەكار ترازاوە، بەجووتە لە ئەشكەوت هاتنە دەر و بەرەو (شێخەیی) ڕوویان نا، لەودەمەش (مراد) بە گیانێكی لەخۆبووردن و پڕ لە قارەمانێتییەوە، لە ماڵ هاتە دەر و بۆ هیمدادی ئەو جووتە شەیدایە، ئازایانە بەرەو پیرییان چوو.

باوكی كچە ئەو لەشكرە گەورەیەی بەو مەزەندەیە ڕەوان كردبوو، هەركە كوڕە چاوی پێ بكەوێت، بێ سێ و دوو خۆ بە دەستەوە بدات.

ئەمجارەیان مەقەستی ئەجەل، تەنها بە بڕینی بەختی ئێوارانێك و برسێتی و شەونخونی شەوێك نایەتە ڕایێ، دەیەوێ ڕەگی داری ژینیان لەژێرڕا بقاچێ و وشكی بكات. ئەجەل لەشكری بابی كچەن و بە خەنجەر و شیر و تیر، دەیانەوێ گیانیان لێ بستێنن و ماڵئاوایی تاهەتاییان پێ بكەن.

كە كوڕە و كچە گەیشتنە ئاوایی و لەگەڵ مراد بەیەك گەیشتنەوە، هەر لەو كاتەش لەشكر گەیشتە بەری دێ. كوڕە و مراد بەرەوڕووی ئەو لەشكرە گەورەیە بوونەوە و ئازایانە بۆیان چوونە مەیدان. ئەو زەمان شەڕ شەڕی شیر و تیروكەوان بوو و یەك بە یەك بۆ شەڕ دەچوونە مەیدان. مراد یەكەمین جار مەردانە چووە مەیدان و نەبەردانە هەڵیدەكوتا سەر، بە دەستی بەكاری حەوت لە سوارەكانی یەك بە دوای یەكدا پێكا و بەخاكیانی دادا، پاشان بە دەستی یەكێك لە سوارەكان شەهید كرا.

کوڕە کە بینی مراد لە خوێن گەوزا، خۆی هاتە مەیدانەوە و بەرەنگاریان بووەوە. ئەو کوڕە کوردە زۆر شێرانە و بەدەستوبرد و بێباک هاتە پێش، هەرچەندە داوایان لێ کرد لەسەر قسەی باوکی کچە، خۆ بەدەستەوە بدا، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بیبەن، بەڵام ئەو، ئەو وتەیەی باب و باپیرانی بۆیان دووبارە کردەوە کە دەڵێ: (شێرانە بەشەڕ دێم و پیاوانە دەبێ بمرم). لە ئەنجامدا دوو سواری لێیان گلاند و یەکێکی تریشی بریندار کرد، کە دوایە ئەویش مرد. کە کوڕە بەرەوڕووی سواری چوارەم بووەوە، ئەو سوارە فێڵی لێ کرد، تیروکەوانەکەی بە دەستی چەپی گرت، لە کوڕەش وابوو، کە ئەگەر لای ڕاست بگرێ، ئەوا ناکەوێتە بەر تیرەکەی. لە چاوتروکانێکدا کە کوڕە پشتی لێ کرد، سوارەکە تیروکەوانەکەی بردەوە دەستی ڕاستی و تیرێکی لە پشتی کوڕە گیر کرد، تیرە پیسەکە لە سینگییەوە دەرچوو و بەربووەوە.


کچە، کوڕەی خۆشەویستی و ئارامی دڵ و گیانی، لەناو شەلالی خوێندا نقووم بوو و ڕۆحی پاکی گیانەڵڵای بوو، هەر لەو کاتەدا کە ئەم دیمەنەی بە چاوی خۆی بینی، بەر لەوەی خۆشەویستەکەی بە تەواوی چاو لێک بنێ وماڵئاوایی لێ بکات، دەستی دایە خەنجەر و لەسەر دڵی خۆی گیر کرد و دایدڕییە خوارەوە. بەو شێوەیە چرای ژینیان خامۆش بوو و تاهەتایە هەڵنەکرایەوە.

خەڵکی (شێخەیی) کە بە چاوی خۆیان ئەم کارەساتە دڵتەزێنەیان بینی، بە چاوەکانیان فرمێسکیان دەڕشت و بە دڵ بەکوڵ دەگریان.

پاشماوەی لەشکر تەرمی کچەیان بارکرد و بۆ (پردێ)یان برد(١٥).

دانیشتوانی (شێخەیی)ش بەدەم گریانەوە، تەرمی ئەو دوو پیاوە مەردانە (مراد) و (کوڕە)یان هەڵگرت و لە گۆڕستانی دێ، بەخاکیان سپاردن. لەو کاتەوە، قەبری ئەو دوو پیاوە ئازا و خواناسە، بە غەرەبەرد هەڵنراوە و خەڵکی دەوروبەر بە نیازی شفا لە تاولەرز دەچنە سەر مەزاریان.

باوکی کچە کە قارەمانێتی کوڕە و عەشقی بێخەوشی کچە دەبیسێ، ئاخی پەشیمانی هەڵدەکێشێ و دەڵێ: گەر بمزانیبا (ئایدن) کوڕە، هێندە مەرد و جەسوور و یاکە، کچەکەم (مونیرە) دەدا پێی و ئەم کارەم نەدەکرد.



سەرچاوە و تێبینییەکان

(١) بڕوانە: کێشەی کورد، ٢-١، لاپەڕە ٤٣، نووسینی: دوکتۆر م. س. لازاریف.

(٢) بڕوانە: کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لاپەڕە ٣٦، نووسینی: دوکتۆر جەلیلی جەلیل. دوکتۆر کاوس قەفتان لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤) بڕوانە: کورد، تورک و عەرەب، ١٩١٩-١٩٢٥، لاپەڕە ٣٣٢، نووسینی: سیسیل ج. ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: حامید گەوهەری.

(٥) تێبینی: ئەم ئامارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو، بەڵام بەهۆی تەعریبەوە ئێستا گۆڕانکاری بەخۆیەوە دیوە.

(٦) هەمان تێبینی پێشوو.

(٧) بڕوانە: کورد، تورک و عەرەب، ١٩١٩-١٩٢٥، نووسینی: سیسیل ج. ئیدمۆنس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی: حامید گەوهەری.

(٨) بڕوانە: جوگرافیای کوردستان، لاپەڕە ٩١، نووسینی: عەبدوڵڵا غەفور.

(٩) مەلا خورشید، مەلای دێی چەمەزەردەڵەی ژێروو و پیاوێکی زانا و ئاینپەروەر (مام عەلی مەولود لە زاری دەگێڕێتەوە).

(١٠) قزقەپان: قزقاپان، قسقەپان، قسقاپان، قیزقەپان، قیزقاپان، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوی تورکییە و لە زەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە، وەک زۆر وشەی شوێنەکانی تری وڵات، ئەم وشەیەش بەم شوێنەوە نووساوە. بەپێی لێکدانەوە، لە دوو وشەی (قز، قەپان) پێکهاتووە. (قز) بە مانای (کچ) و (قەپان) بە مانای (هەڵگیراو یاخود ڕفێنراو) دێت، واتە کچەی هەڵگیراو، یاخود کچەی ڕفێنراو. هیچ زانیارییەک لەسەر ناوی پێشووی نییە. مێژووی ئەم شاخ و ئەشکەوتە، دەگەڕێتەوە بۆ ١٥٠٠-٢٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش و دارستانەکەی بۆ نزیکەی ١٥٠ ساڵێک، بەڵام ناوی

(قزقەپان) کە پێوەی نراوە، هەر دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی هەژدەهەم، واتە دەمانی تورکە عوسمانییەکان، ئەو کاتەی (کوڕە و کچە)ی تێدا ژیاون.

شایانی باسە دوو ئەشکەوتی تر یەکیان بەناوی (قزقەپان) لەپشت دێی (زەرزێ) و ئەشکەوتی (کوڕ و کچ)یش لەپشت دێی (شۆڕناخ) لە خوارووی کوردستان هەن، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەم داستانە (داستانی کوڕە و کچە و ئەشکەوتی قزقەپان)ە یەک نین.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم زانیارییەکی کورت دەربارەی ئەو دوو ئەشکەوتەش (قزقەپان) و (کوڕ و کچ) بخەینە بەر چاو: سیسیل ج. ئێدموندس، وەک خۆی دەنووسێ، چەند مانگێک بەرپرسی ئیدارەی ئاسەوارناسی عێراق بووە،ساڵی ١٩٣٤ سەردانی ئەشکەوتی (قیزقەپان)ی کردووە و بەم شێوەیەی دەگێڕێتەوە: لە سلێمانی، بە ئۆتۆمۆبیل چووینە (موغاغ). دوای پشودانێکی کورت بۆ چای خواردنەوە لە ڕەشماڵێکی دەرەوەی گوندەکە سواربووین و پاش دوو مایل ڕێ لە ڕووباری (تابین) کە شوێنی تێکەڵبوونی لەگەڵ (چەرمەگا) بوو، پەڕینەوە و بەلای ڕاستیدا لەم جێیە (دووئاو)ی پێ دەڵێن. ڕێگامان بەرەو ڕۆژئاوا درێژە پێ داو دوای چوار مایلی تر گەیشتینە گوندی (زەرزێ). لەم جێیە بە (سەرسارد) دەگوترێ (گێچەڵ) کە لەلای باشووری دیوارێکی لێژی بەردین پێکدێنێ و پڕ لە ئەشکەوت و قەڵش و قاتی سروشتییە. ئەشکەوتی (قیزقەپان) ( Qizqapan) لەپشت ئەو گوندە بە زنارێکەوەیە، کە نزیکەی بیست و پێنج پێ لە زەوی بەرزترە. مەودای نێوان ئەشکەوت و زەوییەکان بڕێوە و کەس ناتوانێ بە ئاسانی بچێتە ناوی. ئێمە بە کەڵکوەرگرتن لە چەند گوریس و دوو نەردیوان (پەیژە)ی لەقولۆق وەسەر کەوتین. کە دێتە سەر وەسفی ئەشکەوتەکە دەڵێ: هەرکە لە نەردیوان وەسەرکەوتم لە زارکی ئەشکەوتەکەدا دیتم ئەشکەوتەکە پێشی ئاوەڵە و سەری نەزم و لوتی پێشەوەی سیمای لێواری کۆشکی هەیە. دەرگایەکی کورتی هەبوو کە بۆ لای ژوورەوە دەکرایەوە. درێژایی ئەشکەوتی دەرەوە بیست و سێ پێ، پانایی نۆ و بەرزایی سێزدە پێ و نیوە. دوو کۆڵەکەدیواری پشتەوە یانی دیمەنی ناو

کۆشکەکە پێک دێنن، کە نزیکەی دوو سێیەمی ئەستوورییان لە دیوارەکە هاتۆتەدەر. کۆڵەکەکان سافن و سەرەکانیان زل و شکل (هەیوان)ین و بە نەخشی وەک شەیتانۆکە (حلزون) ڕازاونەتەوە و گەڵاخورماشیان لەسەر هەڵکەندراوە. نەخشی سەرووی کۆڵەکەکان ئاڵقەڕێزو دوولایین. هەرکام لە کۆڵەکەکان سێ دانە کاریتەیان لەسەرە و سەری کاریتەکان لە لێواری کۆشکەکە هاتوونەتە دەر. ئەو سێ کاریتانە بەلای پانیدا تەختەبەردێک و بەلای درێژاییدا دوو تەختەبەردییان لەسەرە و لێواری کۆشکەکە لەو دوو بەردانە پێکهاتووە. پایەی کۆڵەکەی دەستی ڕاست بە توونەدی زیانی پێگەیشتووە و کاریتەی لای چەپەش ورد بووە. بۆشایی نێوان کۆڵەکەکان لە خوارەوە تا سەرەوە بە تەختەبەردێکی نیوەزەق دووبەش کراوە. دەرگایەکی بچووک لە بەشی خوارەوەیەتی بەودا دەچن بۆلای قەبرێک، کە لە پشت دەرگاکەیە؛ دەرگاکە بەتەواوی خراپ بووە، بەڵام کاریتە و بەردی سەر دەرگاکە بەشێوەی نیوەزەق لە قوژبنی چەپی بەشی سەروویدا دەبیندرێن.

ئاورگێکی مەیلەو زەق لە بەشی سەروو لەسەر تەختەبەردێکە، کە دوو کەس لە دوو لای ئەو ڕاوەستاون. ئەو دوو کەسە ڕوویان لە ئاورگەکەیە. ئاورگەکە، لە سێ پلەکان و کۆڵەکەیەک سازکراوە و سێ تەختەبەردی وەک بەردی پلەکانیان سەراوین لەسەر کۆڵەکە داناوە. (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کورد، تورک و عەرەب، لاپەڕە ٢٥١، ٢٥٣-ی نووسەری ناوبراو).

ئەشکەوتی (کوڕ و کچ) بەپێی هەمان سەرچاوە، دەکەوێتە پشت گوندی (شۆڕناخ) (Shornakh) و لەو جێیە بوو کە هەڵدێرگەی بن زەرد لە چەرمەگاوە بۆ پیرەمەگرون لە ڕووبەڕووی ڕۆژهەڵاتی ئەو دایە. مرۆڤ دەتوانێ بەبێ کەڵکوەرگرتن لە نەردیوان بچێتە ناو ئەو ئەشکەوتە و ئەمە بۆ خۆی باس لەم وەزعە ناخۆشە دەکات کە بەسەر ئەو ئەشکەوتەدا هاتووە. درێژایی لێواری دەرەوەی بەقەد ئەشکەوتەکەی ترە، بەڵام پانایی لە شەش پێ تێ ناپەڕێ. دووکۆڵەکەکانی لەنێو دیواردا نین و دوو پێ لە دیوارەکە دوورن. تەنیا شوێنەوارێکی یەک لەو کۆڵەکانە یانی کۆڵەکەی لای چەپ، ئەوەیە کە دوو ئینج لە پایەکەی ماوەتەوە. دوو کاریتەی چوارسووچی درێژ کە زۆر ئەستوورتر لە کاریتەکانی (قیزقەپان)ن، لە پێش بناکە هاتوونەتە

دەرێ و تەواوی پانایی میچەکەیان داپۆشیوە و بە کۆڵەکەکانەوە نووساون. سەری کۆڵەکەی لای ڕاست ئێستاش بە کاریتەکەوە نووساوە. ڕووکارەکانی ئەگەر نەخشی زەقیان لەسەر بووبێ، لەناوچوون و ئاسەواریان نەماوە. ئەم ئەشکەوتە تەنیا ژوورێکی هەیە، کە حەوت پێ درێژ و پێنج پێ پان و چوار پێ بەرزاییەتی. ئەم ئەشکەوتەش دۆلی پیرەمەگرونی لەپێشە و ئەگەر قەبرەکە چەند پێ دوورتر سازکرابایە، دیمەنی پێشی بەرینتر و بەرفراوانتر دەبوو و لەم حاڵەتەدا پیرەمەگرون بەتەواوی دەهاتە پێشێ و بە شیوی سلێمانیدا شارەزوور و شاخەبەرزەکەی هەورامانی لێ دەبیندرا، کە لە هەشتا مایلی ئەودا حەوت هەزا پێ بەسەر دەشتەکاندا دەڕوانێ.

هەر ئەو نووسەرە دەنووسێت: لە هیچ کام لەم دوو قەبرانەدا بەردی بزماریم نەدیت. کارناسەکان تا ئەوکاتە مێژووی ئەو قەبرانەیان دیاری نەکردبوو. د. هەرتسفلد لەو باوەڕەدایە کە دوو قەبری وەک ئەوانە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانن، کە کۆڵەکەکانیان لە دەرەوەی دیوارەکانە و قەبری ((ماد))ەکانن و قەبرێکی دیکەش لە نێوان ((شووش)) دایە و کۆڵەکەکانی لە دیواردان و ((پارسی)) بەر لە هەخامەنشین.

د. جی. جی. کامرون لە زانکۆی شیکاگۆ دەڵێ: ئەشکەوتی ((کوڕ و کچ)) هی سەردەمی مادەکانە و دوور نییە قەبری ((فرائورتش)) (فرورتیش کوڕی >دئیوکس< بابی کەی ئەخشارش) بێ، چونکە بە گوتنی ((هرودۆت)) فرائورتش لە هێرش بۆ سەر ئاشوور کوژراوە کە شوێنەکەی زۆر لە سووورداش دوور نییە. ئەو مێژووی ئەشکەوتی ((قیزقەپان)) کۆنتر لەو مێژووە دەزانێ.

بۆ ئەم ئەشکەوتی )کوڕ و کچ)، ئەم نووسەرە ئەفسانەیەکی کوردی دەهێنێتەوە: لە ئەشکەوتی کوڕ و کچ، پاشایەک عاشقی شازادەخانمی قیزقەپان بووە و ئەو شەوانە شازادەخانمی دیتوە. شازادەخانم بۆ ئەوەی ڕێگای هاتوچۆی ئەو پاشایە ئاسان بێ و بەر بە ماندووبوون و ڕەنجی ڕێگای ئەویندارەکەی بگرێ، پردێکی بۆ لەسەر ڕووبارەکە هەڵبەستووە، بەڵام کاتێک دیتوویەتی کارەکەی ئاکامی پێچەوانەی لێ وەرگیراوە فەرمانی ڕووخاندنی پردەکەی داوە.

(١١) مام عەلی محەمەد، خەڵکی دێی (قەرەبەگ).

(١٢) مام جەبار سەعید، خەڵکی دێی (قەرەبەگ).

(١٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(١٤) حاجی نامیق محەمەد، خەڵکی دێی (قەرەبەگ).

(١٥) بەپێی هەندێک سەرچاوە، پاش ئەوەی لەشکر تەرمی کچە لە وڵاغ بار دەکەن و بۆ (پردێ)ی دەبەن، لەوێشەوە باوکی کچە، ڕەوانەی ناو خاکی تورکیای دەکاتەوە. هەندێک سەرچاوەی تر پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن و پێیان وایە، لەو زەمانەدا کە هۆیەکانی گواستنەوە کەم بوونە، بردنەوەی تەرمێک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئاسان نەبووە، بۆیە دەبێت مەزاری کچەش هەر لە پردێ بێت.

ناساندنی ناوەکان

کوڕە: ئایدن.

کچە (دوێتە): مونیرە.

باوکی کچە: هارون.

مراد: مەلای دێی شێخەیی.

تەوڵەر: کوێخای دێی شێخەیی.

